# ئەنفال

ئەنفال، وشەیەکی عەرەبییە و ناوی "سوورەتی ‹٨›، ی قورئانە.

"ئەنفال" مانای دەستکەوت و تاڵان و بڕۆی جەنگە و، ئایەتەکە لە دوای سەرکەوتنی "موسڵمانان" بەسەر "کافراندا" لە ئەنجامی شەڕی "بەدر"دا هاتووە.

لەرژێمی بەعسی داگیرکەریشدا، "ئەنفال" ناوی زنجیرەهێرشێکی بەربلاوی سەربازیی بوو بۆ سەر کوردستان، بەمەبەستی قڕکردنی یەکجاریی نەتەوەی کورد.

ڕژێمی سەددام، بۆ جێبەجێکردنی ئەم نەخشە گلاو و نامرۆڤانەیەی، "عەلی حەسەن مەجید"ی ئامۆزای دەستنیشانکرد و، هەموو دەسەلاتێکی سوپایی لە کوردستاندا داپێی.

یەکەم کوشتوبڕی بە کۆمەڵ، لە نیوەشەوی ڕۆژی ٣٠، مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٨٣ دا بەڕێوەچوو کە تیایدا هەشت هەزار بارزانی شوێنبزر کران.

زنجیرەی "ئەنفال" لە مانگی ٢ی ساڵی ١٩٨٨ ەوە دەستپێکرا و، تا مانگی ١٠ ی ١٩٨٨ درێژەی کێشا. لە ئەنجامی زنجیرەی ئەنفالدا، بە سەتان هەزار کورد لەنێو لم و زیخەلانەکانی عێراقدا، زیندەبەچاڵکران.

بەسەرهاتی ئەنفالکراوەکان بخوێنەرەوە و، بزانە لە کۆتایی سەدەی بیستەم و لەپێش چاوی دنیای دیمۆکراسیدا چی بەسەر نەتەوەکەت هێنراوە! گەر کورد کارەساتی ئەنفال لەبیر بکات، دەبێ حاشا لەبوونی خۆشی بکات.

ئەنفال بخوێنەرەوە و، ڕادەی چارەڕەشی و کۆیلەتیی نەتەوەکەت بهێنە پێش چاوی خۆت، ئەوجا نەفرەت دەکەی لەهەر کەسێ کە بیەوێ مامەڵە و سەودا بە چارەنووس و ئامانجە پیرۆزەکانی خۆت و گەلەکەت و نیشتمانە دابەشکراوەکەتەوە بکات!

خوێنەرەوەی هێژا!

بەشی چوارەم، لەزنجیرەی کارەساتی "ئەنفال"، پێشکێشتان دەکرێ، کە لەلایەن «ڕێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانیی- لقی خۆرهەڵاتی ناڤین (HRW/ME)» ەوە نووسراوە. ئەم ڕێکخراوەیە، سەربەخۆ و ناحکوومەتییە و، یارمەتی ماڵی لە هیچ دەوڵەتێک وەرناگرێ. ساڵی ١٩٧٨ لقێکی لە هلسینکی - پێتەختی وڵاتی فنلاند دامەزرا. لەو ساتەوە، ئەم ڕێکخراوەیە توانیویەتی لێکۆڵینەوەیەکی ڕێکوپێک و تێروتەسەل و سیستەماتیک لەسەر ئەو خراپەکارییانە بکات، کە لە حەفتا وڵاتی جیهاندا دژ بە مافەکانی مرۆڤ ئەنجامدراون.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانی، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەبارەی تاوانەکانی "ئەنفال"، سەرجەم ئەو بەڵگەنامانەی بەکارهێناوە کە لەکاتی ڕاپەڕینی بەشکۆی ١٩٩١ی باشووری کوردستان، کەوتنە دەستی خەڵک و ڕێکخراوە سیاسییەکانی. لەکۆی ئەم بەڵگەنامانە، توانرا «دوانزە تەن» (١٢٠٠٠) کیلۆ، کۆبکرێتەوە. ڕێکخراوەکە لەماوەی ساڵ و نیوێکدا، بە پشتبەستن بەو بەڵگەنامانە و، بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و وتووێژ لەگەڵ دووسەت و پەنجا کورد دا کە لە کارەساتی ئەنفالدا توانیبوویان خۆیان دەرباز بکەن، هەمووی لە بەرگێکدا بەناوی:

«IRAQ,S CRIME OF GENOCIDE» کۆکردەوە و، بەزمانی ئینگلیزی بڵاویکردەوە.

وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی:

بەڕێز جەمال میرزا عەزیز

ئامادەکردن و دارشتنەوەی:

سیروان کاوسی.